

# دۆزینەوەی کار

# Finding a job

- Espen Stranger-Johannessen
- Sunniva Høiby-Øiset
- Dler Piran
- 4
- کوردی ckb / English en



ئەلیشا پێویستی بە دۆزینەوەی کارێک هەیە چونکە خێزانەکەی پێویستی بە پارە
هەیە بۆ خۆراک و جل و بەرگ.

• • •

Alisha needs to find a job because her family needs money for food and clothes.



ئەلیشا لە وڵاتی خۆی کاری نەکردووە، بەڵام لە چێشتلێناندا باشە و حەز دەکات قسە لەگەڵ خەڵک بکات.

. . .


Alisha did not work in her home country, but she is good at cooking and likes talking to people.



ڕەنگە بتوانێت لە خواردنگەیەک کار بکات؟ ئەلیشا لەسەر ئینتەرنێت بەدوای کاردا دەگەڕێت.

• • •

Maybe she could work in a restaurant? Alisha searches on the Internet for job postings.



ئەو ڕیکلامێک دەدۆزێتەوە بۆ چێشتلێنەری، کە کەسێکە کە لە خواردنگە خواردن لێدەنێت.

• • •

She finds an advert for a chef. That is someone who cooks in a restaurant.



ئەو بۆ چاوپێکەوتنی کارەکە دەچێت. بەڕێوەبەری خواردنگەکە پێی دەڵێت کە ئەوان پێویستیان بە کەسێکە کە پێشتر وەک چێشتلێنەر مەشقی کردبێت.

• • •


She goes for the job interview. The restaurant manager tells her they need someone who has trained as a chef.



ئەلیشا بێهیوا بووە، بەڵام کۆرسێک وەردەگرێت بەناونیشانی “خواردن و میوانداری.” هیوای وایە ئەوە یارمەتی بدات کارێکی دەست بکەوێت لە خواردنگەیەک.

• • •

Alisha is disappointed, but she takes a course called “Food and hospitality”. She hopes this will help her to get a job in a restaurant.



ئەلیشا دەبێ لە خواردنگەیەک کار بکات وەک بەشێک لە کۆرسی مەشقەکەی. پارە وەرناگرێت، بەڵام ئەزموونی کارکردنی دەست دەکەوێت.

• • •

Alisha has to work in a restaurant as part of her training course. She does not get paid, but she gets work experience.



ئەو وردەکاریی کۆرسەکە بۆ سیڤیەکەی زیاد دەکات. سیڤی وەسفکردنێکی هەموو ئەو کارانەیە کە ئەنجامی داون لەگەڵ هەموو ئەو کۆرسانەی وەریگرتوون.

• • •

She adds the details of the course to her CV. A CV is a description of all the work she has done and all the courses she has taken.



جاری داهاتوو کە ئەلیشا دەچێتە چاوپێکەوتنی کار لە خواردنگەیەک، ئەو کارەکەی پێ دەدرێت. کارەکە قورسە. بە زۆری پێویستە ئێواران کار بکات، کاتێک منداڵەکانی لە قوتابخانە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە.

. . .

Next time Alisha goes for a job interview at a restaurant, she is offered the job. It is hard work. She often has to work in the evening, when her children are home from school.



ئەو سەربەرزە کە کارێکی بەدەست هێناوەتە بتوانێ خواردن و جل بۆ خێزانەکەی بکڕێ بە پارەی خۆی.

• • •

She is proud that she has got a job so that she can buy food and clothes for her family with her own money.

# LIDA Stories

lidastories.net

## دۆزینەوەی کار

## Finding a job


Espen Stranger-Johannessen
Sunniva Høiby-Øiset
Dler Piran (ckb)


CC BY